www.kurdistannet.org
29-12-2006 22:34 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**سەدام لە سێدارە دەدرێت، گومان لە کاتی جێ بەجێ کردنەکەیدایە! بەغدا (ڕۆیتەرز) ... وەرگێڕان بە دەست کاریەوە/ هیوا بەکر**

هەینی 29ی دیسەمبەری 2006

بەغدا (ڕۆیتەرز)

{چەند بەرپرسێکی باڵای ئێراقی ئەمڕۆ ڕۆژی هەینی، ئەو پێشنیارانەی واشنتنیان ڕەت کردەوە کە سەددام ئەم



کۆتایی هەفتەیە لە سێدارە دەدرێت و ئەوان وتیان کە چەند کەسانێك لە حکومەتی ئێراقدا هەوڵی ئەوە دەدەن کە ئەو لەسێدارەدانە دوابخرێت بۆ مانگێکی تر یان زیاتر.

بەڵام نوری مالیکی وتی " کە هیچ دواخستن و پێداچونەوەیەك لە بڕیاری لەسێدارەدانی سەددام لە ئارادا نییە".

پارێزەری بەرگری وتی کە ئەو لەو باوەڕەدایە سەددام ڕۆژی شەممە لەناوبچێت لەپاش ئەوەی بە پارێزەران ڕاگەیاندراوە کە کەل و پەلەکانی وەرگرنەوە.

یەکێك لە بەرپرسە باڵاکانی کابینەی حکومەتی ئێراقی بە ڕۆیتەرزی ڕاگەیاند کە سەرۆکە کوردەکان هەوڵی دادگاییەکی دووەمی سەدام دەکەن لەسەر تاوانەکانی جینۆساید کردنی کوردان لە هەشتاکاندا، لە پێش ئەوەی هەر بڕیارێکی لەسێدارەدان ئەنجام بدرێت.

لەگەڵ تورەیی هەندێ لە لایەنگرە سوننیەکانی سەدام بەرامبەر بەو کردەوە سیاسییە تۆڵە ئامێزەی کە دادگای سەر بە ئەمریکیەکان داویەتی، وە ئەو هەموو کوردانەی کە پەرۆشن بۆ ئەوەی سەدام تاوانی جینۆسایدکردنی ئەوانی بەسەردا بسەپێت بەر لە هەر لەسێدارەدانێك، کاتی چونە بەردەم پەتی لەسێدارەدانی سەدام مەسەلەیەکە لە تەقینەوەدایە بۆ وڵاتێك کە لەسەر لێواری شەڕێکی ناوخۆی تایەفیە}.

ئەمەی سەرەوە هەواڵێکە لە ماڵپەڕی یاهودا بڵاوکرابۆوە، کە تیایدا باس لە گرنگی و هەستیاری دادگایی سەدام دەکات لەم کاتەدا کە ئەو وڵاتە بۆتە مەیدانی یەکلاکردنەوەی کێشە تایەفیەکان، ئاینیەکان و نەتەوەییەکان و لەسەروو هەموشیانەوە کێبڕکێی گرتنە دەسەڵاتە لە لایەك لە نێوان خودی لایەنە جۆربەجۆر و جیاوازەکانی ناو ئێراق و لەلایەکیش بە گوێرەی بەرژەوەندی وڵاتانی ناوچەکە. ئالەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا زۆر گرنگە کە کوردان بەرژەوەندیە باڵاکانی کوردستانیان لێ ون نەبێت و لە هەموو هەڵوێست و بڕیارێکدا گرنگ بەلایانەوە ئەو بەرژەوەندیانە بێت. بێگومان بڕیاری لە سێدارەدانی سەدامیش یەکێکە لەو بڕیارانەی کە پێویست بە هەڵوەستە و بیرکردنەوەیەکی دروست دەکات لەلایەن ئێمەی کوردانەوە و ناکرێت تەنها بەگیانی تۆڵە سەندنەوە و هەڵچونی سەرپێیانە بەرامبەر ئەو بڕیارە بوەستین. من پێم سەیرە لە شاشەی کەناڵە کوردیەکانەوە دایکان و باوکانی قوربانیانی ئەنفال بە دڵێکی گەرمەوە دەڵێن سەدام وا لێ بکەن و وا بیکوژن و وا هەنجن هەنجنی کەن.

لەگەڵ ئەوەی هەموان دەزانین کە چەندە ئاهی جەرگ سوتان و ماڵ لەدەستان و ئەنفال و هەڵەبجە قورسن بەڵام دەبێت ئێمەی کوردستانیان زۆر لەوە زیرەکتر و دان بەخۆداگرتوتر بین کە تەنها بە قەرەبوکردنەوەی ماڵ و موڵك و دادگاییەکی شکڵی هەڵخەڵەتێین. دادگایی سەدام و داروودەستەکەی هیچی کەمتر نییە لە گرنگی هۆلۆکۆست بۆ جولەکە و جینۆسایدەکانی تورك بەرامبەر ئەرمەنیەکان. ئەگەر ئێمەی کورد ئەم هەلە نەقۆزینەوە و ئەنفال وەك تاوانی جینۆساید نەسەپێنین بەسەر سەدامی سەرکردەی شۆڤێنیستە ئارەبەکان ئەوا زۆر زەحمەتە هەرگیز بتوانین قەرەبوی یەك تاڵ لە موی قوربانییەکانی هەڵەبجە بستێنین.

ئەگەر دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق یەك تۆز دادپەروەری پەیڕەوبکات نابێت کەمتر لە تاوانی جینۆساید دەرحەق بە ئەنفال و هەڵەبجە مۆربکات.